# تیۆرییەکەی حەمەپیرۆز

**ئەمجەد شاکەلی**

ئێمە، ئەگەر وەدووی دیرۆکی سیخوڕی لە نێو بزاڤی کوردایەتی و شۆڕشی کورددا بگەڕێین، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ بەراییەکانی ئەو باسە، کە دیارە هێندە هاسان نییە و بێجگە لەوەی کارێکی ورد و کونجکاوییانەی دەوێت، مرۆڤ گەرەکە دەستی بەو فایل و دۆسێ و نامە و بەڵگانەی دەسگا سیخوڕییەکانی بەعس و عیراق و وڵاتانی دەوروبەری عیراقیشدا بگات، کە ئەوە بۆ خۆی لێرە، لەم دووره وڵاتییە، کارێکی یەکجار سەختە، بەڵام لە وڵات، لە کوردستان، ئەگەر دەستەیەکی کارا و دڵسۆز هەبن و بڕیار بدەن، دەتوانن وەدووی ئەو کارە بکەون و بە ڕەگ و ڕیشەی ئەو مەسەلەیەدا ڕۆ بچن و هەموو لایەنە شاراوەکانی ساغ کەنەوە. لە جەلال تاڵەبانی دەگێڕنەوە، کە ساڵانی 1980کان، گەلێک جار لە جڤین و دانیشتنە تایبەتییەکانی خۆیدا، لەگەڵ سەرانی حیزبەکەیدا گوتوویەتی:"ئای لەو ڕۆژەی، کە دێت و تەواوی فایلەکانی ئەمن و موخابەراتمان دەستدەکەوێت، تا بزانین فەرەیدوون عەبدولقادر و هاوڕێکانی چۆن خزمەتیان بە ئەمن و موخابەرات کردووە". ئێستا نەک تەنیا فەرەیدوون عەبدولقادر، بەڵکە سەدانی دیکەش، لە نێو حیزبەکەی جەلال تاڵەبانیدا –یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان– فایل و نامەی کار و پێوەندەکانیان، بە بەعس و دەسگا سیخوڕییەکانییەوە، ئاشکرا بووە و خەڵک پێیان دەزانێت. حیزبی جەلالی، کە لە 1964ەوە لە سەر بناخە و بنەمای ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفەی جەلالیزمی، دژ بە بزاڤ و شۆڕشی کورد و کوردایەتیی و بارزانی دروست بوو، ئەوە هیچ، کە پێوەندی سیخوڕێتییان، لەگەڵ ساواک و ڕێژیمی ئێرانی شادا هەبوو، هەر لە 1966یشەوە، بوون بە سیخوڕ و جاش و بەگرێگیراوی ڕێژیمی بەعس و حیزبی بەعس و دەسگا سیخوڕییەکانیشیان توانیبوویان دزە بکەنە نێویانەوە و خەڵکیان لێ بکڕن و بکەن بە جاسووس. <u>مێژووی 1966-1970ی حیزبی جەلالی، لە مێژوویەکی سیخوڕی زیاتر، شتێکی دیکە نەبووە و نییە. ئەوان وەک حیزب جاش و سیخوڕ بوون و جاشایەتی و سیخوڕییان، خستە چوارچێوەیەکی فەلسەفییەوە و ئایدیۆلۆژیایەکیان لێ سازکرد.</u> کەسانێک، کە بەشێکی زۆر گرنگ و لەبەرچاوی، دیرۆکی جەلالیزم پێکدەهێنن و جەلالییان هەمیشە شانازییان پێوە دەکەن و بە پێشەنگ و سەروەری خۆیانی دەزانن، پێوەندی سیخوڕیی زۆر ئاشکرا و لەبەرچاویان، لەگەڵ دەسگا جیاوازەکانی سیخوڕیی ئەم وڵات و ئەو وڵاتدا هەبووە و هەیە، ئیبراهیم ئەحمەد، فەیلەسووفی جەلالیزم، تا دواساتی ژیانی، بە موو لە سیاسەتی ئینگلیز لای نەداوە و هەمیشە لە خزمەتی ئەواندا بووە و هاریکاریی لەگەڵ ساواکی ئێران و عیسا پەژمانیشدا، لە خەڵک شاراوە نییە. بێجگە لەوانەش ساڵانی 1966-1970، وەک نۆکەرێک، چەکدارێک، قەڵەمفرۆشێک و فەیلەسووفێکی کوردکوشتن و جاشیزم، لە خزمەتی بەعسدا بوو و تا مردنیشی لە بریتانیا، مووچەی خانەنشینی لە حوکوومەتی بەعسەوە وەردەگرت. جەلال تاڵەبانی، عەلی عەسکەری، عومەر دەبابە، حیلمی عەلی عەریف، زەبیحی، نەوشیروان مستەفا، کەمال موفتی، مەلا ماتۆر، شێخ سەتتار تاهیر شەریف، تاها موحیەددین مەعرووف، شێخ جەعفەر بەرزنجی و تا دەگاتە فەرەیدوون عەبدولقادر و سەعدی پیرە و شاڵاو عەسکەری و مستەفا چاوڕەش و حامیدی حاجی خالید و... کە هەموو لە پزدانی جەلالیزمەوە هاتوونەتە دەرێ، کەم و زۆر ڕۆڵیان لە بزاڤی جەلالیزمدا بینیوە و هیچ کارێک نەما، بۆ بەعس و ڕێژیمی عیراق و دەسگا سیخوڕییەکانی و هی وڵاتانی دیکەیشی نەکەن. ئەگەر ماسی لە سەرەوە بۆگەن بکات، وەک تیۆرییە کوردییەکە دەڵێت، ئەوا حیزبی جەلالی و جەلالیزم، لە سەرەوە بۆگەنی کردووە. سەرانیانن، کە دەیان ساڵە سیخوڕن و ئاگری کوردکوژی خۆش دەکەن. سەدانی دیکەی وەک ئەو سەرانەشیان، هێشتا لە نێو حیزبەکەی خۆیاندا و بزاڤی جەلالیزمدا، لە ترۆپکی دەسەڵات و پایەی سیاسیدان. یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیش، کە 1975 و لە سووریای بەعس و "قەڵای خۆڕاگریی و

ڕووبەڕووبوونەوە"، وەک بۆ خۆیان نێویان لێنابوو، لەدایک بوو، هەر بەعسی سووریا و نەیارانی کورد دەستیان لە دروستکردنیدا هەبوو. بزاڤی جەلالیزم، بە شێوە کەونەکەی پێش 1975ی و بە شێوە نوێیەکەی پاش 1975یشی، کە نێوی یەکیەتیی نیشتمانیی لە خۆی نا، هەرگیز لە بزاڤێکی پاشەڵپیسی گەمار زیاتر، شتێکی دیکە نەبووە و نییە. هاشم ئاکرەیی، عوبەیدوڵڵا بارزانی، عەبدولوەهاب ئەترووشی و...لەنێو پارتیی دیموکراتی کوردستانەوە دەرچوون و بوون بە سیخوڕی بەعس. پارتیی دیموکراتی کوردستان، لە دوای 1991 ەوە، کە ئیدی هاتنە نێو شارەوە و دەسەڵاتیان گرتە دەست، سەدان خەڵکی کەونە جاش و بەعسی و سیخوڕ خۆیان پێدا کرد و بە پلیکانەکانیدا سەرکەوتن و پایەی باڵای دەسەڵاتیان گرتە دەست و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بۆ خۆیان تێروتەسەل پاڵیان داوەتەوە و گاڵتەیان بە دنیا دێت. سیروان جاف، فەتاح جاف، یەحیا جاف، ئیبراهیم زەنگەنە، ئومێد مەدحەت موبارەک، بەهائەددین ئەحمەد و...هەر خەڵکانێکی کورد بوون و دژی نەتەوەکەی خۆیان بووبوون بە نۆکەری ڕژێمی بەعس. ئەگەر بەراوردێک لە نێوان، خەڵکانی نەتەوەیی و سەربە حیزبگەلی نەتەوەیی کورد و خەڵکانی سەر بە حیزبی کۆمۆنیستی عیراق بکەین، لەڕووی گەندڵی و گەماری و خیانەتکاری و پاشەڵپیسییانەوە، حیزبی کۆمۆنیستی عیراق، لە چاو حیزبە نەتەوەییە کوردییەکاندا، بە سەد ئاو شۆراوەتەوە و بیسمیل کراوە و گەلێک لەوان پاکژتر بووە. حیزبی کۆمۆنیستی عیراق، بە درێژایی مێژووی 1934-1967، کە یەک ڕێکخراو بوو، وێڕای هەموو جۆرە ڕاوەدوونان و گرتن و ئەشکەنجە و کوشتنێک، تەنێ دوو کەس لە سەرانیان، خۆیان دۆڕان و بوون بە پیاوی ئاساییش و کەوتنە سەنگەری دەسگاکانی ئاساییشەوە و هاریکاری ئاساییش و پۆلیسیان کرد، لە ئاشکراکردنی هاوڕێکانی خۆیاندا و گرتنیان و زیندانیکردنیان. ئەو دوو کەسە یەکێکیان، مالیک سەیف بوو و ئەوی دیکەیشیان، ڕەفیق چالاک بوو. ئەیلوولی 1967، حیزبی کۆمۆنیستی عیراق، بوو بە دوو بەشەوە: کۆمیتەی نێوەندی(اللجنة المركزية) و سەرکردەیەتیی نێوەندی(القيادة المركزية) و ئیدی لەو مێژووەیشەوە، دەبێ بە جودا هەردوو باڵەکەی حیزبی کۆمۆنیست بخوێنرێنەوە. حیزبی کۆمیتەی نێوەندی، ساڵانی 1967 تا 1972، هاریکاری و هاوئاهەنگییەکیان لەگەڵ حوکوومەتەکانی عیراقدا هەبوو و کاری ڕاوەدوونان و ڕاپۆرنووسین و بەدەستەوەدانی خەڵکانی سەر بە حیزبی سەرکردەیەتیی نێوەندییان بۆ ڕژێمی عیراق دەکرد . ساڵی 1972 حیزبی کۆمیتەی نێوەندی، لەگەڵ بەعسدا چوونە بەرەیەکەوە و ئیدی کەوتنە داکۆکیکردن لە ڕژێمی عیراق و بەعس و تا لە بەهاری 1974یشدا، تا 1975ی هەرەسی شۆڕشی کوردستان، چەکی بەعسیان لە شان کرد و کەوتنە وێزەی بزاڤی کوردستان و ڕۆڵی جاشایەتییان بۆ بەعس بینی. ساڵی 1975 و تا 1978 و 1979، حیزبی کۆمیتەی نێوەندی، لەگەڵ بەعسدا مابووەوە، تا ئیدی بەعس تەنگییێهەڵچنین و کەوتە گرتنیان و ئەوانیش بە کاوەخۆ، ڕێگەی کەژەکانی کوردستانیان گرتەبەر. لەو ماوەیەدا، کە هێشتا لە شار و لەگەڵ بەعسدا بوون، بە تۆبزی بەعس و دەسگا داپڵۆسێنەرەکانی عیراق، بەشێکی زۆریان، دەستبەرداری حیزب و بیروباوەڕەکەی خۆیان بوون و دانیان بە زۆر نهێنیدا نا. پاش ئەو قەیرانەیان و تا ئێستا، ئیدی گەڕانەوە نێو سەنگەر و هێڵی گەل و دژایەتیی ڕژێمی بەعس. هەرچی حیزبی سەرکردەیەتیی نێوەندییشە، بەهاری 1969، عەزیز ئەلحاج(عزيز الحاج)ی سکرتێری گشتیی ئەو حیزبە گیرا و ئەویش، هەرچی زانیارییەکی لەمەڕ حیزبەکەی خۆی و هاوڕێکانییەوە هەبوو، دای بە دەسگاکانی ئاساییش و هەواڵگر(مخابرات)ی عیراق و بوو بە هاریکاری ڕژێمی بەعسی عیراق و چاوساغیان. دواتریش موسلیح مستەفا، کە ماوەیەک بوو بە جێگری عەزیز ئەلحاج، خۆی دایە دەست حوکوومەتی عیراقەوە و بوو بە هاریکار و پیاوی بەعس و ئاساییشی عیراق، لێ لە پایەیەکی نەویتردا. ساڵی 1975، کە شۆڕشی کوردستان، هەرەسیی، فارووقی مەلا مستەفا، کە سکرتێری هەرێمی کوردستانی حیزبی سەرکردەیەتیی نێوەندی بوو، خۆی دایە دەست بەعسەوە. لە نێو حیزبی سەرکردەیەتیی نێوەندیدا، ئەوانەی کە دەکرێ وەک خۆبەدەستەوەدەر و هاریکاری ڕژێم و چاوساغی بەعس

و ددانەر بە نهێنییەکانی حیزبدا و بەدەستەوەدانی خەڵک نێو ببرێن، دەکرێت تەنێ نێوی عەزیز ئەلحاج ببرێت . کەواتە، هەموو دیرۆکی حیزبی کۆمۆنیستی عیراق، بە هەموو باڵ و جۆرەکانییەوە، مالیک سەیف، ڕەفیق چالاک و عەزیز ئەلحاجی تێدا وەدی دەکرێن، وەک خیانەتکار و پیاوی ڕێژیم. حەمە پیرۆز (موحەممەد پیرۆز ڕۆستەم)، کاتی خۆی جەلالی بوو. ماوەیەک بوو بە بەڕێوەبەری ئامادەیی کوردستان لە کەرکووک و سەردەمێکیش جەلالییان لە سالآنی 1966-1970ی جاشایەتییاندا، کردیان بە قایمقامی قەزای نێوەندی کەرکووک. دواتریش کرا بە بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی و ئیتر نازانم چی لێ هات! حەمەپیرۆز بووبوو بە بەعسی و پیاوی ڕێژیم و هەموو شتێکی بۆ بەعس دەکرد. حەمەپیرۆز، تیۆرییەکی هەبوو، دەیگوت:"ئەگەر هەموو کورد ببێتە بەعسی و جەیش ئەششەعبی و لەگەڵ حوکوومەتی عیراقدا بێت، ئەوا کوردستان دەکەوێتە ژێر دەستی خۆیانەوە و کورد دەسەڵاتی بە سەر وڵاتەکەی خۆیدا دەبێت و حوکوومەتی بەعس لە کوردستاندا ڕۆڵی نامێنێت". حەمەپیرۆز، کە بۆ خۆی خودانی ئەو فەلسەفە و تیۆرییە بوو، بڕوای پێ بوو و لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆ بوو و بە گوێرەی ئەو تیۆرییە سیاسەتی دەکرد. حیزبەکانی باشووری کوردستان و بە تایبەت یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و جەلالییان، ڕێک وایانکردووە و بۆ خۆیان میراتگری بەعس و دەسگا داپڵۆسێنەرەکانین و پێدەچێت، بە درێژایی دیرۆکی خۆیان،ئەو تیۆرییەی حەمەپیرۆزیان کردبێتە ڕێباز و هێڵی هزریی خۆیان و سەدلەسەد قەبووڵیان بووبێت و پێڕۆی ئەو تیۆرییەیان کردبێت و لە سەر ڕۆشنایی ئەو تیۆرییە ڕۆیشتبن و سیاسەتیان کردبێت و بکەن، لێ بە هۆی بوودەڵەیی و ترسنۆکی و ناڕاستگۆیی خۆیانەوە، بە بێ ناوهێنانی حەمەپیرۆز، وەک تیۆریساز و ئایدیۆلۆژیاساز و هزرمەند، ئەو کارەیان ئەنجام داوە.

2003/10/29